# نەورۆز

**هێمن موکریانی**



لە بارەی نەورۆزی پیرۆز دا زۆر شت گوتراوە و نووسراوە. مێژوونووسان دەڵێن ئەو ڕۆژە کە ئاور دۆزراوە خەڵک کردیە جێژن و ناوی نا نەورۆز. یا دەنووسن ئەو ڕۆژە کە کاوەی ئاسنگەر لە زەحاکی خوێنخۆر و زۆردار ڕاپەڕی و دوایی بە دەسەڵاتی زۆردارانەی هێنا، کرا بە نەورۆز. تەنانەت لە هێندێک برادەری شیعەم بیستووە کە حەزرەتی عەلی، لەو ڕۆژە دا لە دایک بووە. هیچ کام لەو بۆچوونانە بۆ ڕەت کردنەوە نابن. دۆزینەوەی ئاگر ئەو نیعمەتە گەورەی خودا، ڕاپەڕینی کاوە و لە ناخ ڕۆکردنی زەحاکی زۆردار و لە دایکبوونی حەزرەتی عەلی، ئەو سەردارە بەناوبانگەی ئیسلام هەموو بۆیە دەبن جێژنیان بۆ بکەی، بەڵام بۆچوونی من لە بارەی نەورۆز دا بۆچوونێکی لادێیانە و کرمانجانەیە. لەوەش ناترسم مێژووزانەکانی شارستانی پێم بڵێن کەڕەکرمانجی مێژوو نەزان و نەخوێندەوار ئەوەت لە کوێ هێناوە.


Copyright © Kurdi.fi

من پێموایە ئەم ڕۆژە پیرۆزە و ئەم جێژنە گەورەی زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات، پێوەندی بە ئابوورییەوە هەیە. جا ئیزن بدەن بە کورتی لەو بارەوە بدوێم. تا بزانن منی کەڕەکرمانج کەنگێ و لە کوێم دەرسی ئیقتیساد خوێندووە تا قسەی وا زل بکەم.

بابە با نەخوێندەواریش بم! خۆ ئەوەندەم لە خوێندەواران بیستووە کە ئەو گەلانەی بە زمانەکانی ئێرانی دەدوێن، لە ڕۆژگارێکدا کە نە من دەزانم کەنگێیە و نە ئەو کەسانەی خۆیان بە مێژووزان و مێژووناس دەژمێرن بۆیان ساغ بۆتەوە، چەند هەزار ساڵ دەبێ لە قەفقازەوە سەرەوژێر بوونەوە و هەر یەکە بۆ لایەک ڕۆیشتوون. ئەو گەلانە هەموویان شوانەوێڵە و مەڕدار بوون و ژیانیان بە پێست و گوانی ئەم گیانلەبەرە خوێنشیرین و بەستەزمانە، کە زۆر زوو دەستەمۆ بووە، دابین کردووە.

ڕوونتر بڵێم، خۆراکیان لە شیر و پۆشاکیان لە خوری ئەو حەیوانە بووە. جا بۆیە خۆشیانویستووە و گەرمێن و کوێستانیان دەگەڵ کردووە و بە دوای هەوار و لەوەڕگە دا وێڵ بوون و گەڕاون. زۆر شارەزای نووسینەکانی "هێرۆدۆت"، "تەبەری"، "گزنفۆن"، "فردۆسی"، "مینۆرسکی" و "زێڕنۆف" و ئەوانە نیم کە بنەچەکەی کورد بەرمەوە سەر کاردۆخ و ماد و نازانم کێ و کێ؟! ...


Copyright © Kurdi.fi

بەڵام دەزانم کوردیش یەکێک لەو گەلانەیە لە پێشدا شوانەوێڵە بووە، ئێستاش ئەگەر کارەساتی ڕۆژگار لێگەڕێ کەیفی لە شوانەتیە و وڵاتەکەشی بۆ ئاژەڵداری یا بە زمانی ئیمڕۆ "دامداری و دامپەروەری" دەناڵێ.

ئێستاش هەرچەند مەڕداری لە کوردستاندا بەداخەوە زۆر کەم بووە و دامپەروەرەکان کاتی بەران تێبەردانیان گۆڕیوە، بەڵام ئەو دابە هەر نەگۆڕاوە. هەرکەس کرتکە مەڕێکی بێ، ئەو ڕۆژە بەران دە مەڕی دەکا، میوانداری لە جیرانان دەکا، مێوژ و خۆرما و شیرینی دەدا بە منداڵان و ئەگەر خەڵاتێکی زۆر باش بۆ شوان لە ئەستۆی بەران نەکا، کاکی شوان نایەڵێ بەرانی ڕەنگاو بچێتە نێو مێگەل.

بەڵام زۆر دوور نییە، هەر بە بیری من، مەڕدار لە ئاخر و ئۆخری مانگی "مێهر" بەرانیان دە مەڕ کردووە و جێژنی مێهرەگانیان بۆ کردووە. دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بووە کە عەڕەب وەریانگرتووە و کردوویانە بە مێهرەجان و بە هەموو ڕۆژی خۆش دەڵێن مێهرەجان.

مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ. پێشینیان دەڵێن: بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕووحی وەبەر دێ و مەترسی بەرئاویتن کەم دەبێتەوە. جێژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێیدەڵێن "بێڵن دانا" پێوەندی دەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو ـ


Copyright © Kurdi.fi

مانگ پاییز و سێ مانگ زستان دەکاتە پێنج مانگ و لە شەوی ئەوەڵی بەهار دا "زەو"ی مەڕ دێ و جێژنی هەرە گەورەی مەڕدارە.

پێموانییە پێویستی بە ڕوونکردنەوە بێ، بەرخی مەستەشیر پاشی سێزدە ڕۆژ دەبێ لە کۆز دەرکرێ و بە زاوەماک بیبەیە لەوەڕ. ئەوەش سێزدەبەدەرەکەمان.

ئەوەیە بۆچوونی منی کەڕەکرمانج کە لە ژیانی باوکم بەسەر مەڕ ڕادەگەیشتم و گەرمێن و کوێستانم دەکرد و بە پسپۆڕی ناوبانگم هەبوو. بەڵێ، ماوەیەکی زۆر وێڕای شوانی شەوگەڕ و شەنگەبێری توند و تۆڵ لە کوێستانە جوانەکانی کوردستانی ڕەنگین ژیانم ڕابواردووە.

زۆر پاڵێنان لە مندارە مانگدا بۆ ئەوەی شوانەکانمان نیوەڕۆ، خەوی بۆ بکەن و شەوانە مەڕ بڕەتێنن بۆخۆم دەستم داوەتە گۆچان و چوومە بەر مەڕ و لەو وەختانە دا بووە شێعرم بە تەبیعەت و خۆڕسک و ژیانی کوردەواری هەڵگوتووە.


Copyright © Kurdi.fi